# هەڵەبجە

# چاولەدوی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتی زیاترە



**✿ ڕۆژگارێکە کورد و کێشەکەی بونەتە باس و خواسی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان و مانشێتی ڕۆژنامەکانیش فرە کەڕەت لەسەر کوردیان نوسیووە ئیدی هەریەک بەجۆرێک.**

**لە پاش کارەساتی ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجە جارێکی دیکە دۆسییەی کوردی خستەوە بەردەست و ئەمجارە شارێک هاتە مەیدان و گوتی (من لە ناسکترین ساتەوەختی زەمەندا، ساتێک کە دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی کوردستان دەیانەوێت مۆرک و ناسنامە و کەلتووری پیرۆزمان بسڕنەوە، من دێم و لە بەرزترین ترۆپکی ویژدانەوە بەگوێی گێتیدا دەچڕم:- من بەشێکم لە خەونی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن مرۆڤ کە تینوی ئەوەن ڕۆژێک لە سای پەرچەمی خۆیاندا هەناسەیەکی ئاسودە هەڵکێشن).**

**هەڵەبجە وەک چۆن لە ڕابردوودا لەسەر هەڵوێستە کوردانەکانی پەراوێزکرابوو ئەمڕۆش بەپێی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، تا ئێستاش زۆربەی دیوارە روخاوەکانی ئەو شارە وەک خۆیانن و کەلاوەکانی بەڕادەیەکی دیار ئاوەدان نەکراونەتەوە، بە ئەمڕۆشەوە کە نزیکەی ١٥ ساڵ بەسەر ژەهربارانی ئەو شارەدا دەگوزەرێت کەچی ئاسەواری ئەو توخمە کیمیاییانە بەسەر زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارەوە دیارن، ئێستاش لە هەڵەبجەدا منداڵی کەم ئەندام لە دایک دەبن و نەخۆشیەکانی سنگ و چاو و نەزۆکی و پێست بە ئاشکرا بە خەڵکی ئەو شارەوە دەبینرێن.**

**بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێ بۆ داخوازی و پێداویستییەکانی خەڵکی هەڵەبجە بگرین، لە گەشتێکی مەیدانیدا بۆ ئەو شارە ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد..**

**ڕاپۆرتی: نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

## فلاش باک

**شاکر فەتاحی شەهید لە کتێبی (گەشتی هەڵەبجە و هەورامان) لە ١٩٣٣/٨/١٦دا لە بارەی هەڵەبجە دەڵێت:**

ئەوەی لە دورەوە بێتە (هەڵەبجە)وە، ڕیزە خانوویەکی بەرچاو ئەکەوێ شارێک لە شارە ڕازاوەکانی ڕۆژئاوای دێتەوە بیر، ئەم خانووانە هی (وەسمان پاشا)، (طاهر بەگ)، (حامد بەگ) و دەوڵەمەندەکانی تری جاف و هەڵەبجەیین.

ئێمە چووینە ماڵی (وەسمان پاشا) لای (احمد مختار بەگ)ی کوڕی بە ڕاستی کۆشکێکی ناوازە بوو، ئەم کۆشکە شاهانەیە بەسەر ماڵەکانی هەڵەبجە و دەشتی فراوانی شارەزووردا ئەیروانی، خانووەکانی هەڵەبجە چەشنی هی سلێمانیین، ڕاستە شەقامێکی خنجیلانەی پاکی تیابوو، پێنج سەد ماڵێک ئەبوو، ئافرەتی لەهی گەلێ جێگای تر سەربەست ترن، ژن لە هەڵەبجەدا زۆر خۆیان ئەرازێننەوە، لە کاتی کار و فرمانیشدا هەر بەرگی جوان ئەپۆشن، هەڵەبجە خۆی دڵتەڕانە هەڵکەوتووە، ئاو و بای سازگاری، چاو ئەندازی ڕەنگینی، کچ و ژنی شیرین و نازەنینی تێکڕا کاری لە ژیانی هەموو هەڵەبجەییەک کردووە.

## دەروازەیەک بۆ مێژوو

(هەڵەبجە، هەڵۆجە، عەجەبجا، هەڵەبچە) و چەندین ناوی تر لە مێژووی ئەم شارەدا هەن، ئەگەرچی وەک ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێن هەڵەبجە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم لەسەر دەستی بەگزادەکانی جاف، بەڵام لە مێژوویەکی دوردا چەندین پاشماوەی شارستانی دێرین لە دەوروبەری ئەو شارەدا هەبوون کە دیارترینیان ڕ(گردی بەکراوا)یە کە مێژوەکەی بۆ چەند هەزار ساڵێک بۆ پێش لە دایک بوونی مەسیح دەگەڕێتەوە.

هەڵەبجە کاتێک دروست کراوە تەنیا ١٣ ماڵی تێدا بووە بۆیە ئێستاش بە هەڵەبجەییە ڕەسەنەکان دەگوترێت (١٣ ماڵە) کە (حەمە چاوەش) و هەر سێ کوڕەکەی کە (پیرۆت و سلێمان و عەبدوڵڵا) بوون یەکەم گەڕەکی ئەو شارەیان دروست کردووە.

هەڵەبجە دەکەوێتە گۆشەی باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق و لەسەر هێڵی ٤٦ پلە بۆ ڕۆژهەڵات و لەنێوان هێڵی (٣٥-٣٦)دایە.

هەڵەبجە دەکەوێتە ٨٠ کیلۆمەتری باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی، لەڕووی تۆپۆگرافیەوە دەکەوێتە خواروی ڕۆژهەڵاتی دەشتی شارەزورو ١٦ کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە دوورە و چیاکانی (شنروێ لە ڕۆژهەڵاتەوە و هەورامان لە باکورەوە بالانبۆ لە باشورەوە و دەریاچەی دەربەندیخان لە باکوری ڕۆژئاواوە. بەم جۆرە چیاکان نیوە کەوانەیەکیان بە دەوردا کێشاوە.



بۆ یەکەم جار ئەم وێنەیە بلاودەکرێتەوە
ئەحمەد موختار جاف، شێخ ڕەشیدی عەبابەیلێ

## هەندێک ڕووداوی مێژوویی

پاش چەندین ساڵ هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی هەندێک ڕووداو و شتی مێژوویی لەو شارەدا توانیم کۆمەڵێک شتی مێژوویی ئەو شارە ساغ بکەمەوە بۆیە لێرەدا هەندێکیان دەخەمەڕوو.

* ساڵی ١٧١٢ مزگەوتی جامعە کە مەڵبەندێکی زانستی گەورەیە دروست کرا.

* ساڵی ١٨٨٩ لەگەڵ (کوەیت)دا کراوە بە قەزا و (مەحمود پاشای جاف) کراوەتە قائمقامی.

* ١٩٠٤ گۆرانی شاعیری مەزن و داهێنەر لە دایک بووە لە هەڵەبجە.

* ١٩٠٩ مێجەرسۆن بەناوی (میرزا غولام شیرازی)یەوە هاتۆتە ماڵی پاشا و دواتر ناسراوەتەوە.

* ١٩٢٤ یەکەم ئۆتۆمبێل هاتوەتە هەڵەبجە کە ئەوکات (حامید بەگ) قائمقام بووە.

* ١٩٢٤ (شێخ محەمەد وانی) یەکێک لە نەیارانی سیاسەتی کەمال ئەتاتورک بووە و یەکێک بووە لە سەرانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ئاوارەی ئەو دەڤەرەبووە و کەسانی وەک (ئەحمەد موختار و تایەربەگی جاف و گۆران و عەلی باپیر ئاغا و شێخ سەلامی عازەبانی) لەسەردەستی ئەو پیاوە فێری سیاسەت بوون.

* ١٩٢٥ یەکەم قوتابخانە لە هەڵەبجەدا کراوەتەوە.

* ١٩٢٩ یەکەم شانۆگەری بەناوی (دڵداری و نیشتمان پەروەری) لە هەڵەبجە نمایش کراوە.

* ١٩٤٨ جولەکەکان هەڵەبجەیان بەجێ هێشت.

* ١٩٥٢ دەرچووی گۆڤاری (نرکەی جوتیار) لەسەردەستی ساڵح هەژار و چەند ڕۆشنبیرێکی تری ئەو شارە.

* ١٩٥٦ دروست کردنی یەکەم هۆڵی شانۆیی لە هەڵەبجە.

* ١٩٥٧/٨/١٩ کردنەوەی لقی هەڵەبجەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد.

* ١٩٦٠ دامەزراندنی تیپی نواندنی هەڵەبجە لەلایەن جمال مەلا قادر.

* ١٩٧٤/٤/٢٦ بۆردومانی هەڵەبجە لەلایەن فرۆکەکانی بەعسەوە.

* ١٩٧٨ ڕاگواستنی گوندەکانی دەوروبەری هەڵەبجە.

* ١٩٨٢ مانگرتن و ڕاپەڕینی قوتابیانی هەڵەبجە دژی بە عەرەبکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

* ١٩٨٧/٥/١٢ گەورەترین ڕاپەڕین بە دژی بەعسیەکان کە لە ئاکامدا بە فرمانی عەلی حەسەن مەجید گەڕەکی کانی عاشقان خاپور کرا.

* ١٩٨٨/٣/١٦..!!!



هەڵەبجە ١٩٥٥، بۆ یەکەم جار ئەم وێنەیە بلاودەکرێتەوە
لە ڕاستەوە: فایق سامەرایی، ئەحمەد بەگی حەمە ساڵح بەگ، حەمە سەعید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشا، سەعدەدین ئیبراهیم ئەدیب، خالید نەقشبەندی قایمقامی هەڵەبجە

## ئەدەب و هونەر

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەڵەبجە ناوێکی دیار و درەوشاوەیە لەم مەیدانەدا و چەندین

سوارچاک و کەڵەمێردی بواری شیعری لەم ناوچەدا دەرکەوتون و پێشەنگ بوون.
نالی سوارچاکی شیعری کوردی لە خاک و خۆڵ بە دنیا هاتووە و تا ئێستاش شیعرەکانی گەورە و گەورەترن.
مەولەوی پەروانەی سروشت و جوانی و تەریقەت، گۆران نوێکەرەوەی شیعری کوردی، ئەحمەد موختاری خاوەنی (مەسەلەی ویژدان) کە لە دوای (لەخەوما)ی جەمیل سائیب بەدووەم ڕۆمانی کوردی دێت، تایەربەگ و حلمی و ناتیق و حەمدون و سالح هەژار و سالح شارەزوری و جەلال عازەبانی و چەندین ناوی دیاری تر پەروەردەی ئەو ئاوهەوا سازگارەی ئەو شارەن.
لە بواری هونەریشدا چەندین کەڵە هونەرمەندی وەک (مینەی شمشاڵ ژەن) کە شمشاڵژەنێکی دیاری ئەو ناوچەیە و لە شمشاڵدا داهێنانی کردوە و کونێکی بۆ شمشاڵ زیاد کردووە ئاوازێکی تایبەتی لێدروست کردووە بەناوی (ئەحمەد بەگی) کە خۆشەویستی بۆ ئەحمەد موختاری شاعیر بووە.
حەمە قوتو، عومەری خەزان، عوسمان هەورامی چەندین ناوی تر کە ئەگەر خەڵکی ئەو شارەش نەبن لەو شارەدا پەروەردەبوون وەک هونەرمەند مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی، لەم قۆناغەشدا چەندین ناوی دیار لە هەڵەبجەدا هەن لە بواری ئەدەب و هونەردا دەکرێت لەوانە ئاماژە بەناوی (کۆساری ئەحمەد غولامی پەیکەرساز و نامق حەمەی شێوەکار و بەختیار هەڵەبجەیی و سیروان عوسمانی پەیکەرساز و هوشیار حەمە فەرەج و مەریوان سەفادینی گۆرانی بێژ و چەندین ناوی تر بدەین.

## لە ڕووی ئاوەدانییەوە!

پاش ئەو کارەساتەی بەسەر هەڵەبجەدا هات، زۆرێک ویژدانی نوستو وەئاگانەهاتن، بەڵام مرۆڤ دۆستان لەو کارەساتە سەرسام و حەپەسان، هەموو سەبوری هەڵەبجەییەکان ئەوەبوو ڕۆژێک دێت هەڵەبجە وەک پاداشتێک بۆ قوربانیدانی لەسەر جوانترین شێواز ئاوەدان دەکرێتەوە.
کەچی ئەمڕۆ ١٦ ساڵ پاش کارەساتەکە و ١٣ ساڵ پاش ڕاپەڕین و زیاتر لە ساڵێک بەسەر پرۆسەی ئازادی عێراقدا کەچی هەڵەبجە شارێکە زیاتر ویران و کەمتر ئاوەدان.
ئەمەش جێگای نیگەرانییە بۆچی شارێک زۆرترین قوربانی بدات و کەمترین بەرهەمی ئاوەدانی بچنێتەوە.
شارێک پاش ئەو هەموو کارەساتە و پاش ئەو سەدا جیهانیەی کە هەیەتی هێشتا ئاسەواری ویرانکاری زیاتر بە روخساریەوە دیارە نەک ئاوەدانی.
شارێک خاوەنی ئەم سەروەریانەبێت بۆ دەبێت بەو شێوازە کەمتەرخەمی لە ئاوەدانکردنەوەی بکرێت.
هێشتا زۆر پێداویستی ژیان هەن لەو شارەدا بەرچاو ناکەون تۆ بڵێی شارێک خاوەنی ئەو پێشڕەوبە فەرهەنگیە بێت ئێستا حەزی لە ژیان نەبێت؟

## چی کراوە.. چی بکرێت؟

ئەمە مەبەستی سەرەکی ئەو راپۆرتە بوو کە لەو شارەدا ئەنجامان دا بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو شارە بۆ خۆیان داوای


سیامەند مستەفا ئەحمەد

پێداویستییەکان بکەن، ئەوان نازیان بەسەر هەموانەوە هەیە بۆیە ڕووی دەمیان لەبەرپرسان دەکەن و هەریەک بەجۆرێک هەست بە کەموکورییەکان دەکات و داوای چارەسەر دەکەن.
**سەرەتا هاوولاتی (سیامەند مستەفا ئەحمەد) فەرمانبەر لە کارەبای هەڵەبجە گوتی:** (هەڵەبجە شارێکە لەوەتی هەیە دژی رژێمە داگیرکەرەکان بووە بۆیە تا ئێستاش ویرانە و کەمترین ئاوڕی لێدراوەتەوە، بۆ نمونە وێستگەی کارەبای هەڵەبجە کە ١٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بۆی دانراوە و تەحەمولی ئەو شارە ناکات وێستگەکە ١٠ میگاواتە، بەڵام هەڵەبجە پێویستی بە ٢٠ میگاوات کارەبا هەیە چونکە دێهاتەکانی دەوروبەری ئاوەدان کراونەتەوە واتە کارەبای زیاتری دەوێت، لە ڕووی بیناشەوە تا ئێستا ئەو وێستگەیە بینای نییە بۆیە داواکارم هەم وێستگەکە و هەم بینای وێستگەکە ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت چونکە کارەبا نیشانەی شارستانیەتە.


گۆران محەمەد

**هاوولاتی گۆران محەمەد لە بارەی پرۆسەی ئاوەدانی شارەوە گوتی:** (هەموو جەنگەکان لە هەڵەبجە تەواو دەبن و ئێمە باجی گشت شەڕەکانمان داوە و خەڵکی تر بەرەکەی خواردووە، بۆیە تا ئێستاش زۆربەی کەلاوەکانی وەک خۆیان ویرانن، بۆیە تا ئێستاش زۆربەی کەلاوەکانی وەک خۆیان ویرانن، من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی هەڵەبجە ئاوەدان ناکرێتەوە، دەڵێن هەڵەبجە دەکرێتە پارێزگا، کەی دەکرێت، ئەگەر لەمن دەپرسن دەڵێم با هەڵەبجە بکرێتەوە بە قەزاکەی جاران ئەو هەڵەبجەیەی تا ناوەڕاستی هەشتاکان هەبوو.


تۆفیق حاجی حەمە عارف

**سەبارەت بە پرۆژە بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردنی شار گۆران محەمەد پێی وابوو** دەبێت لیژنەیەک دروست بکرێت بۆ دیراسەکردنی ئەوەی پێویستە بکرێت و گرنگە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان لەو لیژنەیەدا ڕۆڵی کارا و بەرچاویان هەبێت.
**تۆفیق حاجی حەمە عارف.. کاسبکار گوتی:** (ناڵێم لە ڕووی ئاوەدانکردنەوەوە هیچی بۆنەکراوە، بەڵام ئەوەی کە کراوە لەچاو ئەو ویرانکاریەدا هیچ نییە، کارەبا بەشی پێداویستی هاوولاتیان

ناکات، شەقامەکان زۆر خراپن، پارکێک لەم شارەدا نییە خەڵکی کاتی پشوودانی تێدا بەسەربەرێت، منداڵانی ئەم شارە تا ئێستا (شاری یاری)یان نییە، ئوتێلێک لەم شارەدا بۆ ئەوەی میوانان رووی تێبکەن، چێشتخانە و یانەی گەشتیاری تێدا نییە.


ساراڵ نیزام

**پاشان هاوڵاتی (ساراڵ نیزام) لە بارەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەوە گوتی:** (راستە ئاوەدانی کراوە، بەڵام هێشتا وەک پێویست نییە، شەقامەکان چاک دەکرێت، شۆستە تێک دەدەن، ئێمە پارک و گازینۆ و شاری یاریمان نییە، ئێستا راستە دەوروبەری هەڵەبجە هەمووی هاوینەهەوارە، بەڵام لەنێو شاردا پارکێک زۆر پێویستە بۆ خۆمان و شاری یاریش بۆ منداڵەکانمان ئەوەش سەرەتاییترین مافە.

**ئاراس عابد خاوەنی ١٢ شەهیدی کیمیاباران گوتی:** (هەڵەبجە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئەوەیش لە دوای ئەو کارەساتەوە بەسەر ئەم شارەدا هات.

هەڵەبجە لە رووی ئاوەدانییەوە پێداویستی زۆرە بۆ نمونە جێگایەک نییە بۆ مانەوەی ئەو میوانانەی روو لەم شارە دەکەن بەتایبەت ئەوانەی دێن بۆ سەردانی یادگاری شەهیدان و گۆڕستانی شەهیدان.

خاڵێکی تر زۆر گرنگە ئەویش بنەماڵەی شەهیدان لە رووی دەروونییەوە داتەپیون بۆیە پێویستیان بە هەستانەوە هەیە کە ئەویش لە باشکردنی گوزەرانی بنەماڵەی شەهیداندا خۆی دەبینێتەوە، گەر خەڵک ژیانی ناخۆش بێت هەست بە هیچ خۆشییەکی دەوروبەر ناکات.


حەسەن محەمەد ساڵح

**حەسەن محەمەد ساڵح هاووڵاتییەکی هەڵەبجەیە و لەمەڕ پێداویستییەکانی هەڵەبجە لە رووی ئاوەدانکردنەوەوە گوتی:** (تا ئێستا قوتابخانەی پێویست لەم شارەدا نییە، بینای قوتابخانە هەیە سێ دەوامی تێدایە ئەمەش کار لە رەوتی زانستی ئەم شارە دەکات، تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە کۆلێژ و پەیمانگا لەم شارەدا هەبن بۆ دەبێت قوتابی هەڵەبجە بچنە کۆیە بۆ خوێندن یان بچنە کەلار یان رانییە کەچی بۆ ناکرێت قوتابی بێنە هەڵەبجە بۆ خوێندن، بۆیە داواکارم لەبەرپرسان با هەڵەبجە لەو عوزلەتە دەرباز بکەن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بگەڕێتەوە دۆخی جاران.

ئێمە ناڵێین بۆچی بۆ فلانە شار ئەوە کراوە و بۆ ئێرە نەکراوە، بەڵام وەک ئەوەی بۆ ئەوێ کراوە بابۆ ئێرەش بکرێت، هەڵەبجە سیمبولی قوربانیدان و مەزلومییەتە با لە ئاوەدان کردنەوەشدا زوڵمی لێنەکرێت.


کەریم شێخ کازم

**هەر سەبارەت بە پێداویستی و ئاوەدانکردنەوەی شار بەڕێز کەریم شێخ کازم گوتی:** (هەڵەبجە شەقامی تێدانییە، مەلەوانگە و ئوتێل و ریستورانت و شاری یاری نییە ئەمەش پێداویستی سەرەکییە بۆ شارێک کە دانیشتوانی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس دەبن هەر ئەمەش وایکردووە کە هەڵەبجەییە رەسەنەکانی ئەم شارە جێ بهێڵن و خەڵکی گوندەکان زۆرتر لەم شارەدا دەبینرێن.

## یادگاری شەهیدان

کاتێک لە دەروازەی شار دەچیە ناو هەڵەبجەوە بینایەکی جوان سەرنجت رادەکێشێت ئەویش (یادگاری شەهیدان)ە لەم بینایەدا زۆر شتی جوان و سەرنج راکێش بەرچاو دەکەون جوان لە شێوازدا و جەرگبڕ لە ناوەڕۆکدا، هاووڵاتییانی هەڵەبجە ئەم جێگەیە بە پیرۆز دەزانن، کاتێک پرسیارمان کرد لە بارەی زیاتر گەشەدان بەو جێگایە هەریەک لەو هاووڵاتییانەی دواندمان راوبۆچوونی تایبەتیان هەبوو.کە لەم خاڵانە خۆی دەبینێتەوە.

✱ **سیروان عوسمانی پەیکەرساز گوتی:-** پێم باشە بۆ زیاتر رازاندنەوەی ئەو جێگەیە دیوار بەندێک دروست بکرێت کە وەک پانۆرامایەک باس لە هەڵەبجە بکات لە رووی مێژووییەوە لە سەرەتاوە تا کارەساتەکە بە قەبارەیەکی گەورە



وەک دیوار بەندەکەی گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا و بۆ ئەمەش من پرۆژەیەکم هەیە ئەگەر کەسێک هەبێت هاوکاریم بکات.


نامیق حەمە

*** نامیق حەمەی شێوەکاریش گوتی:** من پرۆژەیەکم هەیە ئەگەر بزانم جێبەجێ دەکرێت دەیدەمە ئەو لایەنەی بەو پرۆژەیە هەڵدەستێ وەئەگەرنا ئەوا باسی ناکەم چونکە زۆر بیرۆکەم باس کردووە و دواتر بیرۆکەکانم ئێوە خۆش !!

*** تۆفیق حاجی حەمە عارف:** پێم وایە نەدەبوو ئەو یادگارییە لەوێدابوایە دەبوو لە سەرووی شارەوە بوایە نەک پاینی شار چونکە خەڵک دێت ئەو یادگاریە دەبینێت و دەگەڕێتەوە ئەی بۆ نەچن گۆڕەکان ببینن؟


ئاراس عابد

*** سارت نیزام:** با لە دەوری یادگاری شەهیداندا ئوتێل و کافتیریا و باخچەیەکی گەورە بۆ حەوانەوەی خێزانەکان دروست بکرێت.

*** ئاراس عابد:** شاری یارییەکی مۆدێرن دروست بکرێت بۆ ئەوەی بۆن و بەرامەی مەرگ بگۆڕین بە شادی منداڵەکان.

*** حەسەن محەمەد ساڵح:** ئوتێلێک دروست بکرێت بۆ ئەو میوانانەی دێنە ئەم شارە.

*** کەریمی شێخ کازم:** با شێوازێکی شارستانیانە بدەینە ئەو شوێنە، ئوتێل و مەلەوانگە و باخچەیەک و رێستورانتێکی بۆ دروست بکرێت.

ئەم شارە تا ئێستا مۆزەخانەی تێدا نییە کە پێویستی بە مۆزەخانە هەیە بۆ ئەوەی هەرچی بەڵگەنامە لەسەر ئەم شارە هەیە تێیدا کۆبکرێتەوە.


سیروان عوسمان

دوای راوەرگرتنی ئەو بەڕێزانە بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت کۆتایی راپۆرتەکەم بەچی بهێنم بۆیە خۆمم دواندو لەخۆم پرسی چی بکرێت بۆ رازاندنەوەی ئەم یادگاری شەهیدانە؟

سەرەتا ئەو تابلۆیەی بەردەرگا کە نیگامی لەسەر گیرسایەوە زۆر پێی سەرسام بووم کە نووسرابوو (هاتنە ژوورەوە بۆ بەعسییەکان قەدەغەیە) کاتێک چومە نێو گۆڕەپانی یادگاریەکە دیم ئاڵای عێراق هەڵکراوە ئەو ئاڵایەی سنگی ئەو فڕۆکانەی پێ نەخشابوو کە هەڵەبجەیان ژەهرباران کرد بۆیە گوتم بریا ئەو ئاڵایە لاببرێت.■

